لەشاری هەولێر هەزاران نەمام و گوڵ ئامادەکراوە بۆ چاندن

لە ناوەندی شاری هەولێر هەزاران نەمام و گوڵ ئامادەکراوە بۆ چاندن.

بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند کە لە پێناو بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی و ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروست و جوانترکردنی سیمای دووگەی ناوەندی شەقام و باخچە و پارکەکانی شار، لە لایەن هەردوو نەمامگەی ئەندازیاری پارک و باخچەکان و پارکی سامی عەبدولڕەحمان، دەستکراوە بە ئامادەکردنی هەزاران نەمام و گوڵ بۆ چاندنیان لە دووگەی ناوەندی شەقامە گشتیەکان و نێو پارک و باخچەکانی شاری هەولێر.